ژیانی بێ ناو!

مانای ناوە عەرەبی یەکەی بە کوردی دەبێتە شمشێری خودا. هەر وەها بە ماسی و بەشێک لە ماسی گوتراوە. ئەو کەسەی ئەو ناوەی بە سەردا سەپێندرا، بە پێی تێگەیشتنی عەرەبی – ئیسلامی، دەبوو لە ڕێگای ڕەزامەندی خودا، شمشێربوەشێنێ!

ناوەکەی فڕی بە سەر کەسایەتی ئەوەوە نەبوو، سەردەمێک پێشمەرگە بوو. جارێک هەر بە چەک لە گەڵ هاوڕێکانی شارەکەی خۆی لە چنگ لەشکر و پاسداری ئێرانی دەرهێنا، کەچی دوای چەند ساڵێک شاری ئەو و سەرجەم گوند و شارەکانی کوردستان، داگیر کرانەوە و چەک و سیاسەت و حزبایەتی کورد، ناکام مایەوە!

ئەویش وەک هەزارانی تر، سەری خۆی هەڵگرت، بەو هیوایەی وڵاتە ئۆتۆپیایەکی شاعیر وپێشڕەوانی چەپی کورد و جیهان و لایەنگرێکی زەحمەتکێشان لە خۆی بگرێ. خۆی گەیاندە سنوور، پێویستی بە خۆ سەلماندن، واژۆی سەرکردەکانی حزبە چەپە کۆمۆنیست و مارکسیست و شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی هەبوو، کەچی دەرگای لە سەر داخرا و گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی و بە هۆگەلێک کە ڕوون نییە، ئاوری لە جەستەی خۆی بەردا .

پێیوابوو دەمرێ و ژیانی کۆتایی پێدێ. نەمرد و جەستەی سووتا و بیر و ئاواتە سووتاوەکانی وبێژمار پرسیارەکانی، چواردەساڵ لە گەڵ خۆی ڕاکێش، ڕاکێش گەیاندە ئەمڕۆ و بۆ هەمیشە کوژایەوە.

هەڵا هەڵای بۆ ساز نەکرا و ناوی ئەو لە گیرفانی شاعیری سەرەخۆشییەکان نەدۆزرایەوە، لە گیرفانی حزب و مێدیا و کۆنە دۆست و گیرفانی خوداش .

برایم فەرشی
سپتامبری ٢٠٢٠